Kurdish (Sorani) June 2009

# گوێگرتن لە کەفالەت لەرێگەی پێوەندیی ڤیدیۆیی

ئەم نامیلکەیە بۆ ئەو کەسانە نووسراوە کە بەگوێرەی دەسەڵاتەکانی کۆچبەری لە بەریتانیا لە ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن و زیندانەکاندا گیراون .ئەگەر گوێگرتن لە کەفالەت (bail hearing) ت هەیە ئەوا پێویستە ئەم نامیلکەیە بخوێنیتەوە چونکە لەوانەیە لەجیاتی ئەوەی لەناو دادگا بەرێوە بچێت لەرێگەی پێوەندیی ڤیدیۆییەوە بەرێوە ببرێت .هەروەها ئەم نامیلکەیە لەوانەیە بۆ ئەو تاکەکەس و رێکخراوانەش بەسوود بێت کە پشتگیری لە کۆچبەران و داواکارانی پەنابەری بەندکراو لە ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن دەکەن .

ئەم نامیلکەیە ئەمانە شیدەکاتەوە:

- واتای گوێگرتن لەرێگەی پێوەندیی ڤیدیۆیی و چۆنیەتی بەرێوەچوونی گوێگرتن
- ئەگەر بتەوێت لە دادگا گوێ لە کەفالەتەکەت بگرێت پێویستە چی بکەیت
- چۆن دەتوانی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە گوێگرتنەکانی کەفالەت لە رێگەی ڤیدیۆیی وەربگریت
- دەبێ چی بکەیت ئەگەر داواکاریت بۆ کەفالەت رەت بکرێتەوە و چۆن سەبارەت بە گوێگرتن لە کەفالەتت شکایەت دەکەیت

*چەند دەستەواژەیەکی گرنگ:*

گوێگرتن لە کەفالەت بریتیە لەوەی کە دادوەرێکی دادگا بریار دەدات کە ئایا دەبێ ئازاد بکرێیت یان بەرنەدرێیت .کەفیل (surety)کەسێکە کە سۆز بە دادوەری دادگا دەدات برە پارەیەك دابنێت بۆ ئەوەی نیشان بدات کە ئەگەر بە کەفالەت بەربدرێیت ئەوان دڵنیا دەبن کە پێوەندیت بە دادگا و دەسەڵاتدارانی کۆچبەریەوە ناپچرێت .

## گوێگرتن لە کەفالەت لەرێگەی پێوەندیی ڤیدیۆیی چییە؟

گوێگرتن لە کەفالەت بریتیە لەو حاڵەتەی کەوا تۆ لە ناوەندی دەستبەسەرکردن دەمێنیتەوە و دادوەری کۆچبەری و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆیی لە دادگا دەبن .لەرێگەی کامێرایەکی ڤیدیۆییەوە بە دادگا پێوەندی دەکرێیت .مەبەست لەم گوێگرتنە ئەوەیە کە دادگا بریار بدات کە ئایا دەتوانی بە کەفالەت ئازاد بکرێیت .ئەگەر نوێنەرێکی یاسایی، وەرگێر یان هەر کەفیلێکت هەبێت، ئەوان لە دادگا ئامادە دەبن.

Bail for Immigration Detainees (BID) is registered in England as a limited company number 3803669.
Registered address: 28 Commercial St, London, E1 6LS. Registered charity number 1077187.
Exempted by the OISC reference number N200100147

British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT reg no: 936 519 988

## دەتوانم چ ببینم و چ ببیسم؟

لە ژوورێك دادەنیشیت كە شاشەیەكی تەلەفزیۆنی لێ دانراوە .لەسەر شاشەكە چاوت بە دادوەری دادگا، نوێنەری وەزارەتی ناوخۆیی، و نوێنەری یاساییت) ئەگەر هەتبێت (، وەرگێر و كەفیلەكانت دەكەوێت و دەنگیان دەبیسیت .پێش ئەوەی گوێگرتنەكە دەست پێ بكات، دادوەر یان فەرمانبەری دادگا دەبێ لێت بپرسێت' ئایا دەتوانی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكە هەموو شتێكی ناو دادگا ببینی و ببیسیت؟ ئەگەر نەتوانیت، ئەوا هەتاكو دەتوانی ناو دادگا ببینی و دەنگەكان ببیسی پێویستە داوا بكەیت گوێگرتنەكە رابگرن.

## چۆن دەزانم كە ئایا گوێگرتن لە كەفالەتەكەم دەست پێدەكات؟

ئەو نامەیەی بەدەستت دەگات رێكەوتی گوێگرتن لە كەفالەتەكەت پێ دەڵێت) كە پێی دەگوترێت' تێبینی گوێگرتن (Notice of Hearing) و هەروەها لە كاتی دەستپێكردنی گوێگرتنەكەش ئاگادارت دەكات .بەڵام، بەرنامە وا دانراوە كە لە كاتژمێر 10ی سەر لەبەیانی گوێ لە سێ كەیس و لە كاتژمێر 2 ی دوای نیوەڕۆش گوێ لە سێ كەیسی تر بگیرێت، و لەوانەیە نەختێك درەنگتر لەو كاتەی بۆت دیاری كراوە گوێ لە كەیسەكەت بگیرێت .كاتێك كاتی گوێگرتنەكەت دێت ئەوا كارمەندانی ناوەندی دەستبەسەركردن بانگت دەكەن .

## ئایا دەتوانم قسە لەگەڵ نوێنەری یاساییم بكەم؟

ئەگەر نوێنەرێكی یاساییت هەبێت، ئەو 30 خولەك زووتر لەو كاتەی كەوا لە نامەی' تێبینی گوێگرتن دا بۆت دیاری كراوە لە دادگا ئامادە دەبێت .ماوەی دە خولەكت دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنەری یاساییت قسە بكەیت پێش ئەوەی گوێگرتنەكە دەست پێ بكات .لەو ماوەیەدا، دادوەر و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ نوێنەری یاساییت لە دادگا نابن.

## ئایا وەرگێڕم دەبێت و وەرگێڕ چیم بۆ دەكات؟

گوێگرتن لە كەفالەتەكەت بە ئینگلیزی دەبێت .ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕێك هەبێت ئەوا پێویستە بە كەڵك وەرگرتن لە فۆرمی داواكردنی كەفالەت ((Bail Application Form) كە بە فۆڕمی (B1 form) B1 یش ناسراوە) داوای وەرگێڕێك بكەیت .لەماوەی بەڕێوەچوونی گوێگرتن لە كەفالەتەكەتدا وەرگێرەكەت لە دادگا دەبێت و لەرێگەی پێوەندیی ڤیدیۆییەوە قسەت لەگەڵ دەكات . وەرگێرەكەت پێویستە هەموو ئەو شتانەت پێ بڵێت كە لە هۆڵی دادگادا دەگوترێن و تەنیا ئەو پرسیارانەت بۆ وەرنەگێرێت كە خەڵك راستەوخۆ لێتی دەپرسن .ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوا پێویستە نوێنەری یاساییت یان دادوەری دادگا ئاگادار بكەیت.

## گوێگرتن لە كەفالەت چ ماوەیەك دەخایێنێت؟

گوێگرتن لە كەفالەت بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەخایێنێت كە دادوەری دادگا بڕیار بدات كەفالەتەكەت قەبووڵ یان رەت بكات .دەبێ بتوانیت لەرێگەی پێوەندیی ڤیدیۆییەوە هەموو گوێگرتنەكە ببینیت .ئەگەر گوێگرتنە لە دادگا تەواو نەبووبێت نابێت پێوەندیی ڤیدیۆیی رابگیرێت .ئەگەر ئەمە روو بدات، دەتوانی شكایەت بكەیت – بڕوانە زانیاری سەبارەت بە شكایەت كردن كە لەخوارەوە نووسراوە.

## چۆن دەتوانم بزانم بە كەفیلەكانم بڵێم بۆكوێ بچن؟

نامەی' تێبینی گوێگرتن ناو و ناونیشانی دادگات پێدەدات .بۆ نموونە، كامسفیڵد هاوس بە دادگایەكەوە پێوەند كراوە كە لە نیووپۆرتە و ئەویش لە وێڵزە .ئەگەر نازانیت ناوەندی دەستبەسەركرانت بە چ دادگایەكەوە پێوەند كراوە، پێویستە پرسیار لە نووسینگەی ناوەندی

دەستبەسەرکرانت بکەیت .ئەگەر دادگاکە زۆر لە کەفیلەکانت دوور بێت، ئەوا دەتوانی لەسەر فۆڕمی داواکردنی کەفالەتەکەت داوای دادگایەکی تر بکەیت .ئەگەر سەبارەت بەم بابەتە هەر جۆرە پرسیارێکت هەبێت، پێوەندی بە کەفالەت بۆ دەستبەسەرکراوانی کۆچبەری (Bail for Immigration Detainees- BID) بکە – ژمارەی تەلەفۆنیان لە کۆتایی ئەم بەڵگەنامەیەدا نووسراوە .

## لەماوەی گوێگرتندا کەڵك لە چ جۆرە بەڵگەنامەیەك وەردەگیرێت؟

پێش گوێگرتنەکە پێویستە نامەی' تێبینی گوێگرتنت لەلایەن دادگاوە بەدەست گەیشتبێت (کە تێیدا لە ڕێکەوت و کاتی گوێگرتنەکە و ناو و ناونیشانی دادگاکە ئاگادارت دەکات) و هەروەها' پوختەی کەفالەت (Bail Summary) ی وەزارەتی ناوخۆیشت پێدەدات کە تێیدا هۆیەکانی وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە پێویستی دەستبەسەرکرانت نووسراوە .ئەگەر نوێنەرێکی یاساییت هەیە، ئەو پێویستە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لە گوێگرتنەکەدا کەڵکیان لێوەردەگرێت بە وەزارەتی ناوخۆ و دادوەری دادگا بدات .ئەگەر نوێنەری یاساییت نیە و چەند بەڵگەنامەیەکت هەیە کە دەتەوێت دادوەری دادگا و وەزارەتی ناوخۆ چاویان پێیان بکەوێت، ئەوا پێویستە پێش گوێگرتنەکە بە فاکس بیان نێریت .ئەگەر پرسیارێکت لەم بارەیەوە هەیە پێوەندی بە BID بکە.

## چ دەتوانم بکەم ئەگەر بمەوێت بۆ گوێگرتن لە کەفالەتەکەم لە دادگا ئامادە بم؟

ئەگەر گوێگرتن لە کەفالەت لەڕێگەی پێوەندیی ڤیدیۆییت ناوێت و دەتەوێت بۆخۆت لە دادگا ئامادە بیت، پێویستە هۆی ئەمە لە فۆڕمی داواکردنی کەفالەتەکەت روون بکەیتەوە .پێویستە ئەو هۆیانە روون بکەیتەوە کە بۆچی لەباروودۆخێك دایت کە پێویستە لە دادگا ئامادە بیت .بۆ نموونە، لەوانەیە ئەزموونێکی تایبەتیت هەبێت یان ئاستەنگێکی تەندروستیی ئەوتۆت هەبێت کە پێوەندیی ڤیدیۆیی بۆت گونجاو نەبێت .دادگا بڕیار دەدات کە ئایا گوێگرتنەکەت لەناو دادگا دەبێت یان لەڕێگەی پێوەندیی ڤیدیۆییەوە بەڕێوە دەچێت .ئەگەر پرسیارێکت لەم بارەیەوە هەیە پێوەندی بە BID بکە.

## چۆن ئاگادار دەکرێم کە ئایا بەکەفالەت بەردەدرێم؟

دادوەری دادگا پێت دەڵێت کە ئایا کەفالەتەکەت قەبووڵ کراوە یان رەت کراوە .ئەگەر لەکۆتایی گوێگرتنەکەدا دادوەری دادگا ئەمەی پێ نەگوتیت، دەتوانی داوای لێ بکەیت پێت بڵێت .دادگا هەروەها نامەیەك بە فاکس بۆ تۆ لە ناوەندی دەستبەسەرکرانت دەنێرێت و تێیدا بەنووسراو لە بڕیاری دادوەر ئاگادارت دەکات .ئەگەر کەفالەتەکەت قەبووڵ بکرێت دەبێت فۆڕمێك ئیمزا بکەیت و' مۆڵەتێکی هاتوچۆ (travel warrant)ت پێدەدرێت بۆ ئەوەی بتوانی خەرجی چوون بۆ ناونیشانی کەفالەتەکەتی پێ بدەیت.

## ئەگەر کەفالەتەکەم رەت بکرێتەوە دەبێ چی بکەم؟

ئەگەر نوێنەرێکی یاساییت هەیە ئەوا پێویستە لەم بارەیەوە پرسیاری لێ بکەیت .ئەگەر نوێنەری یاساییت نیە و پرسیارێکت لەم بارەیەوە هەیە دەتوانی پێوەندی بە BID بکەیت.

## چۆن سەبارەت بە گوێگرتن لە کەفالەتەکەم شکایەت بکەم؟

ئەگەر دەتەوێت سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەچوونی گوێگرتن لە کەفالەتەکەت شکایەت بکەیت، پێویستە پێوەندی بە بەڕێوەبەری ئەو دادگایە بکەیت کە گوێگرتن لە کەفالەتەکەتی تێدا بەڕێوە چووە .ناونیشانی دادگا لەسەر ئەو نامەیە دەنووسرێت کە سەبارەت بە گوێگرتن لە کەفالەتەکەت بەدەستت دەگات .ئەگەر دەتەوێت سەبارەت بە دادوەری دادگا شکایەت بکەیت، پێویستە نامەیەك بۆ دادوەری

بەرزی ئەو دادگایە بنووسیت کە گوێگرتن لە کەفالەتەکەتی تێدا بەڕێوە چووە .دەتوانی داوا لە ئەندامێکی پەرلەمان (MP) بکەیت لەجیاتی تۆ شکایەت بکات یان دەتوانی بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە شکایەت کردن پێوەندی بە BID وە بکەیت.

## ئایا هیچ زانیارییەکی تر دەربارەی گوێگرتن لە کەفالەت لەڕێگەی پێوەندیی ڤیدیۆیی هەیە؟

بەڵێ .دادگا، کە بە دادگای پەنابەری و کۆچبەری (Asylum and Immigration Tribunal- AIT) یش ناسراوە، بەڵگەنامەیەکی بەرهەم هێناوە بەناوی' چەند خاڵێکی ڕێنیشاندەر بۆ داواکاری گوێگرتن لە کەفالەت لەڕێگەی پێوەندیی ڤیدیۆیی) دەبێت ئەم بەڵگەنامەیەت لەگەڵ نامەی' تێبینی گوێگرتن .(Applicant Guidance Notes to Bail Hearings by Video Link بەدەست بگات .دەبێت کۆپییەکی ئەم بەڵگەنامەیە لە کتێبخانەی ناوەندی دەستبەسەرکرانیشت هەبێت.

## BIDو ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council) کێن و بۆچی ئەم نامیلکەیەیان نووسیوە؟

ئەم نامیلکەیە لەلایەن کەفالەت بۆ دەستبەسەرکراوانی کۆچبەری (BID) و ئەنجومەنی پەنابەرانەوە نووسراوە . BID و ئەنجومەنی پەنابەران دوو ڕێکخراوی خێرخوازی سەربەخۆن و بەشێك نین لە وەزارەتی ناوخۆ BID .لەگەڵ ئەو داواکارانی پەنابەری و کۆچبەرانە کاردەکات کە خراونەتە ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن و زیندان بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات ئازاد بکرێن .ئەنجومەنی پەنابەران یارمەتی و ڕێنومایی بۆ داواکەرانی پەنابەری دابین دەکات لە قۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەی داوای پەنابەرییەکەیاندا. ئەمەش ڕێنومایی ئەو داواکەرانی پەنابەرییانە دەگرێتەوە کە لە ناوەندەکانی دەست بەسەراگرتندان و هەروەها دوای ئازادبوونیشیان. ئەنجومەنی پەنابەران هەروەها دەتوانن بۆ لای ڕێکخراوەکانی تر حەواڵەت بکەن، لەوانە BID ئەگەر گونجاو بێت.

## بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانم پێوەندی بە کێ بکەم؟

ئەگەر لە Campsfield House یانLindholme دەستبەسەر کراویت دەتوانی پێوەندی بە نووسینگەی BID لە Oxford بکەیت، تەلەفۆن بکە بۆ0845 330 4536 یان فاکس بۆ ئەم ژمارەیە بنێرە 0845 330 4537 .

ئەگەر لە Colnbrook، Dover یان Haslar دەستبەسەر کراویت دەتوانی پێوەندی بە نووسینگەی BID لە Portsmouth بکەیت، تەلەفۆن بکە بۆ 023 9281 6633 یان فاکس بۆ ئەم ژمارەیە بنێرە 023 9282 1529 .

ئەگەر لە هەر ناوەندێکی دەستبەسەرکرانی تر دەستبەسەر کراویت دەتوانی پێوەندی بە نووسینگەی BID لە London بکەیت، تەلەفۆن بکە بۆ 020 7247 3590 یان فاکس بۆ ئەم ژمارەیە بنێرە 020 7247 3550 .

ئەگەر لە هەر ناوەندێکی دیکەی دەستبەسەراگرتندا بیت، دەتوانی پێوەندی بە نووسینگەی ئەنجومەنی پەنابەرانەوە بکەیت، تەلەفۆن بکە بۆ هێڵی ئامۆژگاری 020 7346 6777.